# چیرۆک و ڕەخنە

وەرگیراو لە کتێبی چیرۆک و ڕەخنە/ وەرگێڕانی ئەحمەدی گۆلشیری
وەرگێڕی کوردی: تەیفور

## چیرۆک بگێڕەوە

شەوە، مرۆڤە سەرەتاییەکان، ترساو لە نەناسراوەکانی نێو تاریکایی، لە دەوری ئاورگەیەک کۆ بوونەتەوە، چاویان لە زاری چیرۆکبێژ بریوە، "چیرۆک بێژە" . بە گریمان جیرۆکبێژی سەرەتایی بەم شێوە دەستی پێکردووە:
"بە مەودای سێ مانگ ڕێگا هەتا ئاوەکان، نێچیروانێکی بەهێز دەژیا. ئێوی سین بوو. سین گەورەپیاوی هۆز بوو، چوونکە "ماموت"ی دەناسی. دەیتوانی ڕچەی هەڵگرێ و بیکوژێ. ماموت بکوژێ هەتا منداڵەکانی لە برسیەتی و مردن ڕزگار بکا. ڕۆژێک کە هەتاو ئاوەکانی سووتاندبوو و کردبوونی بە هەڵم، پیاوەکان ماندوو بوون و منداڵەکان بە برسییەتی نووستبوون..." باسی توانایی و فێڵ و کەڵەکی نێچیروانی گەورە لە ململانی لەگەڵ ماموت دا پیاوەکانی بەخەیاڵدا بردووە. هەموو شتێک جگە لە "سین"یان لەبیر چوەتەوە. لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکەدا بوونەتە یەکێک. لەو ڕۆژە وشکوبرینەدا چ ڕووی داوە؟ سین جۆن بەرەنگاری برسییەتی و ناهۆمێدی بوەتەوە؟ دووایە چ ڕووی داوە؟ بازنەی تاریکی و ترس لە ئاورگەکە دوور بوەتەوە. ورگەماڵی برسییەتی پیاوەکان دامرکاوە. ئەوان بوونەتە خودی سین. خەریک شەڕی "ماموت"ن. دەیانەوێ ببیسن کە چۆن سین چووە پێشێ، چۆن هەڵمەتی دا و چۆن سەرکەوت.

مرۆڤی سەرەتایی، نیازی سەرەتایی، چیرۆکی سەرەتایی. بەڵام ئێستا چیرۆکێک لەبەردەستی ئێمە، مرۆڤی ئەمرۆ، دایە کە ئیتر سەرەتایی نییە. لە هەردووکیاندا مرۆڤ بەرەنگاری شتێک دەبێتەوە. کات دەڕوات و مرۆڤ بەرەرووی دوژمن دەبێتەوە. خوایە ماموت بێ، خوایە برسیەتی یان تەنیایی. سەردەکەوێ یان تێدەشکێ.

"چیرۆک بێژە" مێژووی ئەم وشە بە درێژایی مێژووی زبانە. باپیرانی سەرەتایی ئێمە لە هەوڵدان بۆ زیندوومان، ترس و باوەڕەکانی خۆیان دەخستە چوارجێوەی چیرۆکەوە و بەم شێوە بەربەستێکی جادوویییان لە بەرانبەر دژوارییەکاندا دادەنا. ئەم چیرۆکانە لە ئاورگەی ئەم هۆزەوە دەچووە ئاورگەی ئەوی دیکە و دەریاکانی دەبڕی و دەسپێردرایە بەرەی دیکە و بەرە بەرە سەفەری ژیوەری مرۆڤی دەگێڕایەوە.

کولتورەکانی سەرەتایی هەموویان ئەفسانە و میتولۆژیای خۆیانیان هەیە. شتەکان چۆن پێکهاتن، مرۆڤ چۆن چێ بوو، هۆزەکە چۆن ڕزگاری بوو؟ خوداکان چییان کرد و پاڵەوانەکان چۆن شەڕیان کرد. ئەم چیرۆکانە گەرچی ئەمڕۆ زۆر ساکار دێنە بەرچاو بەڵام ئامانجی زۆر گرینگیان هەبووە. ئەمانە بەشێک لە وتەی پیرۆزی هۆز بوون. ئێمە چیتر دونیا وەکوو چیرۆکبێژانی سەرەتایی نابینین. زۆربەی ئەفسانە و میتولۆژییەکان و بە گشتی هەموو فۆلکلۆرەکەیان لای ئێمە سەیرو نامۆیە. بەڵام کە بەرەبەرە دەورمان پڕ دەبێ لە نوێبوونەوە، بە تامەزرۆییەوە چاو لە ڕابردوو دەکەین و لەدەستچوونی ئەو شتانە خەمگینمان دەکا.

زۆربەی گێڕانەوە سەرەتاییەکانی ئێمە، وەکوو چیرۆکی پاڵەوانی "گیلگەمێش" [پاڵەوانی میتولوژیی بابێلی کۆن]، چیرۆکەکانی تەورات، میتۆلۆژییەکانی یۆنان و ڕۆم، چیرۆکەکانی "بۆکاچیۆ" و "چاسر" [دوو چیرۆک نووسی ئاخرەکانی سەدەکانی نێوەڕاست کە بە دەستپێکەری ڕۆنێسانس دەناسرێن] هەموویان لە زانیارییە کۆنەکانەوە هاتوون، بەرین بوونەتەوە، گرژ کراونەتەوە، داتاشراونەتەوە و نووسراونەتەوە. کەوابوو، مەیلی مرۆڤ بۆ بیستنی چیرۆک و ڕێزگرتن لە چیرۆکبێژی سەرکەوتوو ڕابردوویەکی زۆر کۆنی هەیە. بەیارمەتی ئەم لێهاتوویيە بوو کە "هۆمێر"[یەکەم چیرۆکبێژی یۆنانی کۆن کە چیرۆکەکانی دوواترنووسراوەتەوە] کورسییەکەی لە میوانی شاکان دادەنا و "شەهرزاد"[ژنە پاڵەوانی چیرۆکبێژی ئەفسانەکانی هەزار و یەک شەو] مەرگی دەبەزاند و ئۆتێللۆ [پاڵەوانی یەکێک لە شانۆەکانی شکسپیر شانۆنووسی ئینگلیسی سەدەی ١٦] دڵداری دەکرد.

ئێستا کە بەڕواڵەت، چیرۆک ئەو کارکردەی ڕۆژگارانی کۆنی نەماوە. ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، چیرۆک خوێندنەوە بەکار چ دێ؟ سەرەڕای ئەم هەموو کتێبە کە سەبارەت بە شتە گرینگەکانی ژیان نووسراوە بۆ دەبێ خۆمان بۆ خوێندنەوەی بەرهەمی خەیاڵ بە فیڕۆ بدەین. بە واتایەکیتر، چیرۆک بەکار چ دێ؟

چیرۆکبێژیی لە چوارچێوەی هونەردا دیاردەیەکی تازەیە و تەنانەت چیرۆکێکی نوێ کە میتولۆژییە کۆنەکانی بە نموونە گرتبێ بایەخێکی جیاوازی هەیە. گەرچی هاندەری چیرۆکنووس ئێستاش ئەو شتانەن کە چیرۆکبێژە سەرەتاییەکانی هان دەدا. چیرۆکنووسی ئەمرۆیی بۆ پێکهێنانی میتۆلوژییەک هەوڵ دەدا، بەڵام گرییەکانی زۆر کوێرترن. میتۆلۆژی شتەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام چیرۆک شییان دەکاتەوە. میتۆلۆژی نیشانەی نەگۆڕان و هەتاهەتایی بوونە، بەڵام چیرۆک باسی گۆڕانە. ئەفسانە باسی سەلماندنە و چیرۆک ئامرازی لێکۆڵینەوە. نووسەری ئێستا

باوەڕەکانی بەقەرز وەرناگرێ، دەیاندۆزێتەوە. ئەو بە پێچەوانەی میتۆلۆژیچێکەری کۆن دابەکان بە میرات وەرناگرێ بۆ خۆی دایان دەهێنێ.

ئەورۆ پێشکەوتنی زانست و تەکنیک نیزامی کۆن و بنیاتی قورسی باوەڕە کۆنەکانی هەڵتەکاندووە. کولتوور گۆڕانێکی سەیری بەسەردا هاتووە و زۆربەی ئەو میتۆلۆژییانەی نگابانی نیزامی کۆن بوون، بایەخی خۆیانیان لەدەست داوە. دەورانی نوێ هەروا کە بە دەورانی دڵەڕاوکێ و ناهۆمێدی نێوزەد کراوە، بە دەورانی گەشبینیش ناوبانگی دەرکردووە. ئەم سەدە بە دەورانی چیرۆکنووسیش دەژمێردرێ.

لە دەورانی چیرۆکی نوێدا نووسەر هەوڵ دەدا بە یارمەتی وشە بە ئازادی بگا. گابریل گارسیا مارکێز[نووسەری کۆلۆمبیایی] لە چیرۆکی "جوانترین خنکاوی دونیا"دا پیاوێکی هەڵاوێردە چێ دەکا. پیاوێکی "زۆر جوان و ئەوەندە باڵابەرزو چوارشانە و تۆکمە کە لە خەیاڵی خەڵکدا ناگونجێ" تا ئەو رادەیە کە " لە گونددا قەرەوێڵەیەک نادۆزنەوە کە لە سەری بیخەوێنن و مێزیک نابیننەوە کە لەژێریدا نەشکێ" ژنان کە شەیدای گەورەیی و جوانییەکەی بوون" گەرچی" لە کووتاڵی بادەوەیەکی گەورە پانتۆڵی بۆ دەدروێنو لە کراسی بووکێنی ژنێک کراسی بۆ دروست دەکەن" بەڵام پانتۆڵەکە تەنگ دەردێ و دوکمەکانی کراسەکە دەترازێ. کاتێک ژنەکان بیر لە ماڵ و ژیانی دەکەنەوە پێیان وا دەبێ "ئەو پیاوە ئەوەندە بەهێز بووە کە ئەگەر بانگی ماسییەکانی دەریای کردبێ هەموو هاتوون بۆ لای و ئەو هەرچی ماسی ویستبێ هەڵیگرتووە، و لەسەر زەوی و بەرەی خۆی وەها کاری کردووە کە توانیویەتی لە بەرد ئاو دەربێنێ و لەسەر بەردەکان گوڵ بڕوێنێ. کاتێك لەگەڵ پیاوەکانی خۆیان بەراوردی دەکەن وادەزانن ئەوەی ئەوان هەموو ژیانیان پێکەوە کردوویانە نابێتە کاری شەوێکی ئەو پیاوە" ئەوکات "پیاو و ژنەکان لەسەر هەڵگرتنی تەرمەکەی دەبێتە کێشەیان و بۆ یەکەم جار بە دیتنی جوانی و شکۆی پێاوەکە ئەو راستییەیان بۆ دەردەکەوێ کە کۆڵانەکانیان تەریکە و باخچەکانیان وشکە و خەیاڵەکانیان چکۆلە و فەقیرن."

بەم شێوە گارسیا مارکێز دونیایەک چێ دەکا و لە بەرانبەری دونیای راستەقینەی خوێنەریدا دادەنێ و پێی دەڵێ کە ئەو دونیای دەوروبەری ئەو، یەکێکە لەوانەی کە دەتوانێ ببێ. کەوابوو دەکرێ جۆرێکی دیکەش بژی. ئەو بەوەش واز ناهێنێ و لەگەڵ گوندنشینەکانی چیرۆکەکەیدا ئەو دونیا چێ دەکا. "گوندی گوڵە سوورەکان" یان "گوندی ستێپیان" وا لێ دەکا وەکوو بیەوێ خوێنەر بهێنێتە شەوق "دەیانەویست ئەوەندە چاوگە لە بەرد دەربێنن و گوڵ لەسەر بەرەکان بڕوێنن کە پشتیان راست نەبێتەوە. هەتا ساڵەکانی داهاتوو کاتێک، گەشتیارەکانی کەشتییە هەڵمەکان کە مەستی بۆنی باخچەکانی دەریای ئازادن، لە سپێدەی بەیاندا بەخەبەر دێن، کەشتیوان بە جلی تایبەتەوە مۆرە بە دەست و ریزی میدالیای شەر بەسنگەوە لە عەرشە دێتە خوارێ و بە رێنوێنی ئەستێرەی باکوور، ئیشارە بە ئاسۆی دوور دەکا و لوتکەی بەرزی گوڵە سوورەکان نیشان دەدا و بە چواردە زبان دەڵێ: چاو لەوێ بکەن، لەوێ کە با- ئەوەندە ئارامە کە لە ژێر کەتەکاندا خەوی لێکەوتووە، لەوێ کە تاو ئەوەندە دەدرۆشێتەوە کە گوڵەبەرۆژەکان نازانن روو لە کام لا بکەن، ئەرێ، ئەوێ گوندی ستێپیانە"

ئیمکانی گۆڕانی ژیان بەمانای ئازادییە کە نووسەر بۆ پێگەیشتن بەو ئازادییە خەریک نووسین دەبێ. کاینات دەپشکنێ، دونیا تێک دەدا، ژێر و ژووری دەکا، ووردووردی دەکا و لە کۆکردنەوەی ئەو ووردکانە دونیایەکی دیکە ساز دەکا. دنیایەکیتر کە مرۆڤ تاقی بکاتەوە و لە زەبری چارەنووس خۆ رزگار بکا. دونیای ئیمکان، و دونیای گەرەک بوون بدۆزێتەوە. دابیرێژێ و پێکی بێنێ و بگا بە ئازادی.

نووسەر بوێژی راستییە، ئەو بیر و راستەقینەکان بۆ خوێنەر روون دەکاتەوە. ئەو شتانەی کە سەرەرۆەکان هەوڵیان داوە شاراوە رایگرن. ئەو هەوڵدەدا بۆ گوتنی نەگوتراوەکان، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ لە نێویاندا بژی. نووسەری ئەورۆ نایەوێ خوێنەری خۆی بخلافێنێ و چێژی بداتێ. کافکا [نووسەری پۆڵۆنی] تەنانەت ئاسایشی خوێنەر تێک دەدا و بێ ئۆقرە و دڵەودوای دەکا. نووسەر ئاسمانی کورتی ژیان، کە بەسەرماندا داڕماوە و دڵتەنگی کردووین بەرز دەکاتەوە و دنیاکانی دیکەمان پێ نیشان دەدا هەتا دونیاکەمان بەرفراوانتر بکاتەوە.

ئێرنێست کاسیرر دەڵێ: هەروا کە زاناکان پشکێنەری یاسا و راستییەکانی ئەم دونیایەن، هۆنەرمەندانیش پشکێنەری بێچمەکانی دونیان. نووسەری چیرۆک، چ بڕکەیەک لە ژیان و کردەوەی مرۆڤ نیشان بدا، چ روانگەیەک لە هەلومەرجی ژیان بخاتە روو یان ناسینێکی قووڵ لەسەر پلەوپایەی مرۆڤ لەم دونیادا نیشان بدا، دۆزەرەوەیە.

نووسەرانی ئەورۆ تێگەیشتون کە بڕێک لە ئامرازەکان لە کارکەوتوون. ئەوان هەتا توانیویانە لە ریالیسم و مانای رواڵەتی، مێژوو، گەلاڵە، رووداو و زنجیرە رووداوەکان وەرچەرخاون و تێگەیشتنی زەینی نووسەریان وەکوو تەنیا راستی دابینکراوی چیرۆک هەڵبژاردووە.

نووسەری ئەورۆ دونیا بە وێنەی رەش و سپی نابینێ. راست و ناراست لێک جوێ ناکاتەوە، بەڵکوو دونیایەک دەخولقێنێ کە لە سەرەتاوە ناکرێ رەش و سپی و راست و درۆی تێیدا بەدی بکەین.

باسی بیر یا بابەتێکی بەرچاو لە چیرۆکدا خۆ بەخۆ بایەخ بە چیرۆک نادا. بیرێک هەتا نەچێتە پەیکەرەی گشتی چیرۆکەکەوە و لەگەڵی نەهۆنرێتەوە، شتێکی لاوەکییە و بایەخێکی گرینگی نییە. کەوابوو چیرۆکی باش تەنیا ئەوە نییە کە بیرێکی گرینگی باس کردووە و خوێنەر لێی قوبوڵ دەکا، بەڵکوو چیرۆکێکە کە بایەخ بدا بەدۆزینەوەی پرسیارێک کە تێیدا شاراوەتەوە.
چیرۆکی نوێ پەند نییە. درێژدادڕی نییە، پڕوپاگاندە ناکا. بەس نیشان دەدا. هەڵسەنگاندنەکانی لە گەڵاڵەکەیدا، شاردراوەتەوە لە مرۆڤ و کەسایەتییەکاندا، لە زماندا، لە جۆری روانیندا و لە چۆنیەتی گێڕانەوەکەیدا.
خوێنەر دەبێ ئەمانە و لە ئاکامدا پەیکەرەی چیرۆکەکە تێ بگا، هەتا لە هەموو چیرۆکەکە سەر دەربێنێ و لەم ڕێگایەدا ئاماژەکانی لێکۆڵەرەوە و رەخنەگر یارمەتی دەدا.